حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی

زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

کۆلێژی پەروەردەو زمان

بەشی زمانی کوردی

# ((ئەرکی پەروەردەو فێرکاری پەندی پێشینان لەزمانی کوردیدا))

ئەم توێژینەوەیە بەشێکەلەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزمان و ئەدەبی کوردیدا

| سەرپەرشتیار | ئامادەکردنی |
| --- | --- |
| محمد عمر ابراهیم | نێرگزحسین علی |
| | ژیان احمد علی |
| | ژیوەر کریم حمد حسین |
| | هاڤین علمی حسن |

## سوپاس نامە

- سەرەتا سوپاسی خودای گەورە دەکەین کەبەم قۆناغە گەیشتین
- سوپاسی دایک و باوکم دەکەم کەهەردەم پالپشت و هاوکارم بوون لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.
- سوپاسی مامۆستای سەرپەرشت ( م .محمد عمر ) دەکەین . کەبەسەرنج و تێبینیەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.
- سوپاسی هەریەک لەمامۆستایان ( فیصل غازی مصطفی – مەولود حەمەد مصطفی- ژیڤان بکر ) کەهەردەم هاوکار بوون لەتەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە

.

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| سوپاس نامە | ١ |
| ناوەرۆک | ٢ |
| پوختە | ٣ |
| پێشەکی | ٤ |
| ٠-١ناونیشانی توێژینەوە | ٤ |
| ٠-٢هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە | ٤ |
| ٠-٣سنوری توێژینەو | ٤ |
| ٠-٤ڕێبازی توێژینەوە | ٤ |
| ٠-٥گرفتەکانی توێژنەوە | ٤ |
| ٠-٦بەشەکانی توێژینەوە | ٥ |
| یەکەم | ٦ |
| ١-١پەروەردە وفێرکردن وەک دووپرۆسەی گرینگ لە ژیاندا. پەروەردەو فێرکردن چین | ٧ |
| ١-٢ جیاوازی نێوان پەروەردەو فێرکردن | ٨ |
| ١-٣فێرکار(مامۆستا)کێیە وبەرپرسیاریەتیەکانی چین | ٩ |
| ١-٤جۆرو هۆکارو یاساکانی فێربوون | ١٠ |
| دووەم | ١١ |
| ٢-٠چەمک و زاراوەی فۆلکلۆر | ١٢ |
| ٢-١زاراوەی فۆلکلۆر | ١٢ |
| ٢-٢چەمکی فۆلکلۆر | ١٢ |
| ٢-٣تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر | ١٣ |
| ٢-٤پەندی پێشینان | ١٤ |
| ٢-٥ ناوەرۆکی پەندی پێشینان | ١٥ |
| ٢-٦جۆرەکانی پەندی پێشینان | ١٥-١٨ |
| ٢-٧ڕۆلی گۆڤارو رۆژنامەکان لەپێشخستنی پەندی پێشینان‌دا | ١٩ |
| سێیەم | ٢٠ |
| ٣-١رۆڵی مامۆستایان و سیستەمی خوێندن وپەروەردە لەناساندنی پەندی پێشینان | ٢١-٢٢ |
| ٣-٢ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لەدەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکاندا | ٢٣ |
| ئەنجام | ٢٤ |
| سەرچاوەکان | ٢٥-٢٦ |

## پوختە

(ئەرکی پەروەردەو فێرکاری پەندی پێشینان لەزمانی کوردیدا ) لەم توێژینەوەیە.بەشێوەیەکی گشتی باسی پەروەردەو فێرکردن وپەندی پێشینان کراوە ،توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لەسێ بەشی سەرەکی پێک دێت ،لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکە باسی( پەروەردەو فێرکردن و جیاوازی نێوان پەروەردەو فێرکردن و فێرکار کێ یە؟ هۆوجۆرویاساکانی فێرکردن چین ؟ لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە باسی ( چەمک و زاراوەی فۆلکلۆر وتایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆرو ناوەرۆکی پەندی پێشینان و رۆلی گۆڤارو رۆژنامە لەپێشخستنی پەندی پێشینان کراوە ) هەروەها لەبەشی سێیەم باسی ڕۆلی ماموستاو سیستەمی پەروەردە لەناسینی پەندی پێشینان و رەنگدانەوەی قورئان و فەرموودە لەپەندی پێشیناندا) لەکۆتایدا ئەنجامی توێژینەوە کە پێی گەیشتووم .ئەوەیە کەپەروەردە و فێرکردن ئەرکی لەسەرشانە بۆناساندنی پەندی پێشینان وەهەروەها پەندی پێشینان بەرهەمێکی بەبەهایە کەلەباب و باپیرانمان بەجێ ماوە.هەرووەها لیستی سەرچاوەکانیش خراونەتەروو.

## پێشەكی

بەهۆی ئەو بارودۆخەی كەمیللەتی كورد تێیدا ژیاوەو هەموئەو نەهامەتیانەی كەبەسەری هاتووە .هەردەربەدەری و مالوێرانی ویاخودهەرگیروگرفتێكی تر،كەڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە .شاعیران و نووسەران توانیویانە ،بەهەرجۆرێك لەجۆرەكان بێت گوزارشت لەهەموو ئەو ئازاروو نەهامەتیانە بكەن ،كەڕووبەڕووی میللەتی كورد بۆتەوە .ئینجا ئەوشتانەی كەدیویانە بەشێوەی شیعرو پەخشان و وتارو پەندی پێشینان ........هتد. بەئێمەیان ئاشنا كردوو.

### ٠-١: ناونیشانی توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە هەروەكو لەناونیشانەكەی دیارە (ئەركی پەروەردەو فێركاری لەپەندی پێشینان لەزمانی كوردیدا) هەولێكی ئەكادیمیانەیە بۆخستنەڕووی لایەنەكانی پەندی پێشینان لە پەروەردەو فێركردن دا .

### ٠-٢:هۆكاری هەلبژاردنی توێژینەوەكە

ئاشناكردنی قوتابیان بەپەندەی پێشینان، سەیرمان كرد كەزۆر بەكەمی لەپرۆگرامی خوێندن گرینگی پێدەدرێت و قوتابیانیان پێ ئاشنا نەكراوە بۆیە ئەم لێكۆلینەوەیەمان هەلبژارد بۆئەوەی سودێك بەقوتابیان و ماموستایانی پەروەردە بگەیەنین .

### ٠-٣: سنوری توێژینەوەكە

باسی پەروەردەو باسی پەندی پێشینانمان كردووە تێكهەلكێشمان كردووە بۆئەوەی دەورووبەرەكەمان پێی ئاشنا بن.

### ٠-٤: ڕێبازی توێژینەوەكە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازێكی وەسفی شیكاری بەكارهێنراوە .بەشێوەیەك لەزۆر شوێن توانیومانە نموونەی شیعری و پەندی .پێشینان بخەینەڕوو.

### ٠-٥: گرفتەكانی توێژینەوە

بێگومان نووسینی هەرتوێژینەوەیەك .بەدەرنیە لە هاتنە پێشەوەی گیروگرفت .بەهۆی كەمی سەرچاوەوزۆردووبارەبوونەوەی بابەتەكان كەمی سەرچاوە لەسەرپەروەردەو فێركردن . هەرووەها كەمی سەرچاوەلەسەرپەندی پێشینان كەزۆربەی دووبارەن یان سەرچاوەكانیان دیارنین.

## ٠-٦بەشەکانی  توێژینەوە :

بەشی یەکەمی باسی پەروەردەو فێرکردن و جیاوازی نێوان پەروەردەو فێرکردن و فێرکار کێ یە؟ هۆکاروجۆرو یاساکانی فێرکردن چین. لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە باسی چەمک وزاراوەی فۆلکلۆروتایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆروناوەرۆکی پەندی پێشینان و رۆڵی گۆڤارو رۆژنامە لەپێشخستنی پەندی پێشینان کراوە ،هەروەها لەبەشی سێیەم باسی ڕۆڵی مامۆستاو سیستەمی پەروەردە لەناسینی پەندی پێشینان و رەنگدانەوەی قورئان وفەرمووده لەپەندی پێشینانداکراوە .

## بەشی یەکەم

**تەوەرەی یەکەم / پەروەردەو فێرکردن وەک دوو پرۆسەی گرنگ لە ژیاندا پەروەردە و فێرکردن چین؟**

**تەوەرەی دووەم /جیاوازی نێوان پەروەردەو فێرکردن.**

**تەوەرەی سێ یەم /فێرکار(مامۆستا) کێیە بەرپرسیارییەتیەکانی چین ؟**

**تەوەرەی چوارەم/ جۆرو هۆکارو یاساکانی فێربوون**

## ١-١پەروەردەو فێرکردن وەک دوو پرۆسەی گرنگن لەژیاندا :

**پەروەردەو فێرکردن ،لە لەکەرستەو ئامێرەکانی ژیان نین ،بەڵکو ژیانە .هەروەها پەروەردەو فێرکردن رەوتێکی نەگۆرە و تاکۆ تایی ژیان و تا ئەو کاتەی مرۆڤ ژیانی درێژەی هەیە.**

**پەروەردە چیە ؟((بریتیە لە ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ ژیان بۆ ئەوەی مرۆڤێکی چاکە خوازو چالاک دەربچێت و مامەڵەیەکی تەندروست و سود بەخش بکات لەگەل ژیان و کۆمەلگەدا)) (د.کریم شەریف قەرەچەتانی : ٢٠١٣ :١٢)**

**کەواتە پەروەردە مرۆڤ ئامادەدەکات بۆ ئەوەی کەسێکی شارەزاو رۆشنبیروچالاک بەرهەم بێنێت سود بە دەوروبەری خۆی بگەیەنێت ((پەروەردە مانای پەرەپێدانی تاکە ،پەرەپێدانێکی گشگیروکامل لەسەرجەم لایەنەکانی ، رووحی ، هزری جەستەیی و دەروونی ، کۆمەڵایەتی وجوانکاری))(کەریم ئەحمەد:( ٢٠١٤ : ٩)**

**پێویستە پەروەردە گۆرانکاری دروست بکات لە ژیاندا بۆ پێشکەوتن چونکە پەروەردە بریتیە لە ((گۆران و دروست کردنی بەمەبەستی بەرەو تەواو چوون ،بەرەو تەواوچونیش بریتیە لەکاروکرداری پەروەردەی بەردەوام )) (جگەرسۆز :٢٠١٠: ٢٢)**

**دەبێت هەردەم هەوڵبدەین بەردەوام کەسەکانی دوای خۆمان پەروەردە بکەین و سودو قازانجیان پێ بگەیێنین چونکە هەر مرۆڤێک لەخەسڵەت و کەسایەتی جیاوازە و پێویستی بە پەروەردە هەیە لەچەند بنەمایەکدا هاوبەشن.**

**((١- پەروەردە تایبەتە بەمرۆڤ.**

**٢- خزمەتەکانی بۆ تاک و کۆیە.**

**٣- کارێکی بەردەوام و ئامانجدارە.**

**٤- بۆ هێنانەکایەی پێگەیاندنێکی دروستی لەش و ژیری مرۆڤەکان.**

**٥- -جێگەی پراکتیزەکردنی پەروەردەی ماڵ وقوتابخانەو کۆمەڵگایە.)) (عزیز ئالانی (٢٠١٤: ١٨٧)**

**کەواتە مرۆڤ سود لەپەروەردە دەبینێت ،جا ئەم مرۆڤانە تاک بن یان کۆ نێر یان مێ سودی بۆی دەبێت بۆ ئەوەی خۆی لەژیان وکۆمەلگادا بەرەو پێش ببات ،و ببێتە ئەندامێکی بەسوودی ئەم کۆمەلگایە.**

**فێرکردن چیە ؟ئەم پرۆسەیەیە کە مامۆستا هەڵدەستێت بە گواستنەوەی زانیاری بەقوتابی وپێدانی رێنمایی لە کەسێکی گەورە بۆکەسێکی بچووک ((مامۆستا لە کرداری فێربووندا یارمەتی کەسانی دیکە دەدات ))(ئەحمەد محمدمام عسمان :٢٠٠٧: ١٥)**

**کەواتە فێربوون بریتیە لە پێدانی زانیاری و رێنمایی یاخود گەیاندنی زانیاری بەمەبەستی فێرکردن ((پرۆسەیەکی رێکخراوی ئامانجدارە ئەبێتە کرداری فێربوون لەم پرۆسەیە مامۆستا هەڵدەستێت بەگواستنەوەی زانیاری بە فێرخواز )) (کریم ئەحمەد :٢٠١٤: ١٠ )**

**پرۆسەیەکی گرینگە دەبێتە هۆی گواستنەوەی زانیاری ،بەمەی کەخۆی دەیزانێت و گوێی لێ بووە بیگەیێنێتە فێر خواز.**

### ١-٢جیاوازی نێوان پەروەردەو فێرکردن:

پەروەردەو فێرکردن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پێداویستی هەرە گرینگی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوە،تاکو گەیشتۆتەجارنامەی گەردوونە بۆ مافەکانی مرۆڤ باس لەوە کراوە ((فێرکردن یەکێکە لە مافە بنەڕەتییەکان .هەموو کەس مافی فێربوونی هەیە ،خوێندن و فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی زۆرە ملێیە . قۆناغەکانی دیکە فێرکردن هونەری و پیشەیی دەبێت)) (دزەیی : ٢٠٠٨: ٦-٨)

دەتوانین بڵێین پەروەردە بەکارهێنانی ڕێگەی تایبەتە بۆ گواستنەوەی بەهاو مەعریفە لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە ((مامۆستا دەبێت قوتابی لە خودی خۆی و لەنیشتیمان و حکومەت و دەولەت خۆشتر بوێت،واتە بنەمای سەرەکی پەروەردەکردنی مۆدێرن خودی قوتابییە نەک خودی پەروەردەکە،خۆی لەخۆیدائامانج نیە .بەڵکو ئامرازیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەنرخترویەبەهاترلەخۆی کەقوتابییە )) (ڕەسل:٢٠١٩: ٣٩)

خۆشویستنی قوتابی ئەرکە لەسەر مامۆستا،مامۆستا دەبێت هەول بدات کەسێکی چاکە خوازو باش بێت مامۆستاش ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانست و زانیاری بەقوتابی ،کەواتە:

١-پەروەردە گشتی ترە لە فێرکردن، پەروەردە لەهەموو شوێنێک هەیە، لەقوتابخانە یان لەدەرەوەی قوتابخانە دەستدەکەوێت ،بەڵام فێرکردن تەنها لەناوقوتابخانە هەیە.

٢-پەروەردە هەلدەستێ بەدەستنیشان کردنی هەڵسوکەوت و پێوەندی ژیانی تاک هەروەها بەرپرسیارن لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لەهەموو مانای ژیان لەلایەنی ئەخلاقی بەلام فێرکردن پرۆسەیەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دواتر کارلەسەر ئەم زانیاریانە بکەی بۆبەدەستهێنانی کارێک لەژیان وەک چۆن فێردەبیت لەزانکۆ وپەیمانگاکان)) (محمداوی:٢٠١٩ :٢)

بەشێوەیەکی گشتی لەژیاندا پێویستمان بەپەروەردە هەیە ئینجا فێرکردن،لەبەرئەوەی فێرکردن بێ پەروەردە بەهایەکی ئەوتۆی نابێت.

## ١-٣ فێركار (مامۆستا)كێیە:

**مامۆستا پێشەنگی كۆمەلگەیە بەیەكێک لەباشترین و چاكترین توێژ دادەنرێت لە كۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەی كۆمەڵگەیەكی پێشكەوتووچاو كراوەمان هەبێت، دەبێت مامۆستا بە ئەزموون و چالاک رۆشنبیر كاربكەن لەناوكۆمەلگەدا بۆ بەرەوپێشبردنمان ((مامۆستا یاخود فێركار لەهەموو سەردەمێک لەدیدو بۆچوونی سەرجەم قوتابخانە فیكری و فەلسەفییەكانی مێژووی مرۆڤایەتی بەبناغەو پێكهاتەی هەرە سەرەكی بنیادی پرۆسەی فیكری و پەروەردە هەژماردەكرێت ،لەدێر زەمانەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی فیكری مرۆڤایەتی و لەئاستی فەلسەفی دا تایبەت لە یۆنان و رۆمانییەكان پێداگریان لەسەر پێگەی مامۆستا كردووە))(تەها محمد :٢٠١٢: ٢٥)**

**مامۆستا وادەكات قوتابی فێربكات لەژیانیدا بتوانن پەروەردەیەكی باش وەربگرن، سەركەوتووبن لەژیانیان لەهەموو قۆناغەكانی ژیانیان پێویستیان بە فێركار هەیە ((مامۆستا پایەیەكی هەرە گرینگی سەركەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێركردنە،ئامادەكردنی مامۆستا لێهاتوو بەتوانا ،خۆری ئاسۆی هەڵدێنی.مژدەی سەركەوتنیان بەگوێدا دادەدات . بە پێچەوانەوە لاوازی كەسایەتی مامۆستا و نزمی ئاستی پەروەردەیی و زانستی هەنگاوی پێشكەوتن ڕادەگرێت )) (حیدر محمد :٢٠١١: ١١)**

**مامۆستا هەرچەندپەرە بەزانیاریەكانیانی خۆی بدات و هەوڵی بەدەست هێنانی زانیاری بدات ئەو مامۆستایە هەردەم پێشەنگ و و سەركەوتودەبێت و دەبێتە هۆی بەرزمانەوەی لە كۆمەڵگەدا.**

### بەرپرسیاریەتیەكانی مامۆستا

**مامۆستا دەبێت خاوەنی بەرپرسیاریەتی بێت لە كارەكانی چونكە پیشەیەكی پیرۆزە دڵنیاییە پەروەردەكردنێكی زۆرباشە ((پابەند بوون بەپەیرەو وپرۆگرام و ڕێنووێنی رێسایەكانی رەفتار و چۆنیەتی هەڵسوكەوتەكان ، ڕێزگرتنی قوتابی ورەفتار لەگەڵ كردنی بەشێوەی پەروەردەییانە ، هەمووئەو وانانە بڵێتەوە كە ئەركی خۆیەتی ، سەرپەرشتی كردنی رۆژانەی قوتابیان و پركردنەوەی وانە چۆڵەكان هەروەها پێشرەوی كردنی ئەوپۆلەی كە بەرێوەبەر پێی ئەسپێرێت و خوێندنی پرۆگرامی خوێندن .پابەند بوون بەكات وەهاریكاری كردنی بەرێوەبەر)) ( شنۆ یەحیا :٢٠١٣ :٦٠ -٦١)**
**ماموستا دەبێت خاوەن بەرپرسیاریەتی بێت بەرامبەر بە ئەو ئەركانەی كەلەسەرشانیەتی ،لەسەرەتا دا خوا لەخۆی رازی بكات ئینجا قوتابیەكان و دەورووبەری ڕازی بكات.**

## ٤-١ جۆرو هۆكارو یاساكانی فێربوون:

هەموو مرۆڤەكان بۆ فێربوون و وەرگرتن وەكو یەک نینە هەریەكێكمان بەشێوازێک فێردەبین و وە كاریگەرترین ڕێگاش ئەمانەن::

١-فێربوون لەرێگەی چاو :ئەو كەسانەی كەلەرێگەی چاوەوە فێردەبن زۆرقسەدەكەن ودەروانننە داهاتووی خۆیان ،توانای بڕیاردانیان خێرایەو .وەهەڵەی زۆریان بەرامبەردەكرێت  زوو درک بەهەلەكان دەكەن .بەڵام ئەو كەسانە لەبەركردنیان باش نیەو .لەڕێگەی نیشاندانی وێنەوسەیركردن فێردەبن.

٢-فێربوون لەرێگەی هەستەوە :ئەم جۆرە كەسانە زیاتر هەستی ناخەوەیان بەهێزە ،وەهێمن و بێدەنگن ،بەئیشارەت كردنێک یان تەنها دەست بڵندكردنێک تێدەگات ،كاری تێ دەكات، ئەوكەسانە دەستی زۆربەكاردەهێنێت لەقسەكردن دەچێتەناو شتەكانەوە زۆر جووڵەدەكات و بڕیارلەسەرشت دەدات بەبێ هەست و سۆزی خۆی.

٣-فێربوون لەڕیگەی گوێ :ئەوكەسانەی كەبەهۆی بیستنەوە فێردەبن،زۆرقسە لەگەڵ خەلک دەكەن و تێكەلی خەڵک دەبن حەزبەگفتوگۆدەكەن ،كەسانی بەپرسیارن و لەبەركردنیان بەهێزە  بڕوانە( سەرچاوەی حیدرمحمد :٢٠١١: ٤٣)

فێربوون لەڕێگەی هەریەكە لەم ڕێگەیانە لە مرۆڤێک بۆ مرۆڤێكی دیكە جیاوازەو هەریەكێک لەئێمە بەشێوازێک فێردەبین، ئەم ڕێگایانەش كۆمەلێک لایەنی باش و خراپی هەیە وكاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە .زۆرهۆكار فێركاری لەژیانی ڕۆژانەمان هەیە لەم سەردەمە دەتوانین بەكاریان بهێنین بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێ وەربگرن لێی شارەزابن گرینگترینیان ئەمانەن ((تەباشیر، كتێب ، تەختە ،ماجیک ، وایت بۆرد ،تەنی بەرجەستە ،سلایت ،مایكرۆسكۆب ،كۆمپیوتەر ،ئامرازە جۆربەجۆرەكان، سامپلەكان ،گەشتی زانستی ،نەخشەو هێلكارییەكان ،وێنەو فۆتۆو تابلۆ ،سینەمای پەروەردەیی ، تەلەفزیۆن ، سیدی ، تاقیگەی دەنگی ، پێشانگای فێركاری ،ئینتەرنێت )) (جباراحمد :٢٠١١: ١٢)

ئەمانەكۆمەلێک كەل پەل و پێداویستی گرینگ و بەسوودن بۆقوتابیان، بۆئەوەی ئاشنای بابەتەكان بن بەتایبەت بابەتی زانستی و ئەوانی پێویستیان بەڕوونكردنەوەی زۆرترە، بۆئەوەی هەردەم لەمێشک و زەینی قوتابی بمێنێتەوە لەوەوە بۆمان دەردەكەوێت، گرینگترین یاساكانی تەكنەلۆجیای فێركردن لەم چەند خاڵە خۆیان دەبیننەوە..

١-دەست نیشان كردنی شوێنێكی گونجاو بۆ پێشاندان .

٢- پێشكەش كردن لەكاتێكی گونجاو.

٣- بەكارهێنانی لەپێش وانەلەلایەن ماموستا بۆ پشت ڕاست كردنەوە لەزانیارییەكان.

٤- بەژداری پێكردنی قوتابیان بەشێوەی نەرێنی لەبەكارهێنانی كەرستەدا.

٥- شیكدنەوەی ماناو هێمای نیشانە ...هتد لەكەرستەی فێركردن وەک پێشەكی بەكارهێنان.

٦- جێنەهێشتنیان لەبەرچاوی قوتابیان دوای بەكارهێنانیان.

٧- زۆرێک لەكەرستەی فێركردن لەیەک بابەتە دا دووبارە بەكارنەهێنرێتەوە . (حاجی الدیستوری :٢٠١٩:٣٢٥)

ئەوشتانەی كەبەكاری دەهێنین هۆكارە بۆ فێربوون گەیشتن بەو ئامانجەی كەهەوڵی بۆدەدەین.

## بەشی دووەم

تەوەرەی یەکەم /چەمک و زاراوەی فۆلکلۆر

تەوەرەی دووەم/تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆر

تەوەرەی سێیەم /پەندی پێشینان و ناوەرۆک وجۆرەکانی پەندی پێشینان

تەوەرەی چوارەم/ڕۆلی گۆڤارو رۆژنامەکان لەپێشخستنی پەندی پێشینان

## ٢:چەمک و زاراوەی فۆلکلۆر:

**فۆلکلۆر سامانێکی بەنرخە بۆ هەموو میلەتێک کەلەکۆندا لەبیروهزری مرۆڤ و میللەتدا ماوەتەوە، وەک سامانێک دەبێت بپارێزرێت ((ئەدەبی فۆلکلۆر ئاوێنەی پرشنگداری ڕابردوو و ئێستای میلەتێکە،کەتێیدا پەندو گۆرانی وقسەی نەستەق و داستان و ئەفسانە و سەربردەی قارەمانی و ئازایەتی و سوارچاکی میوان پەروەری بەئاشکرا لەتێکستی جواندا بەرجەستەبووە)) (ئیدریس عبدالله :٢٠١٤ : ٣٦)**

**ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانە کە ماونەتەوە لەکۆندا دەکرێت کەل وپەل یان وشەی جوان یان ئامۆژگاری بەنرخ بن مابێتەوەوە ئێستاش سودی لێوەردەگیرێت و دڵ و دەروون ئارام دەکاتەوە .هەروەها (مار) لەوتارێکدا لەساڵی ١٩٩١ز نووسیویەتی و ئەو ڕاستیە دەخاتەڕووکە ((فۆلکلۆری کوردی تەنها لەناو کورد خۆی دا بڵاونەبۆتەوە بەڵکو لە ناو گەلانی تری ڕۆژهەلاتیش دا وەک عەرەب و ،فارس ،ئەرمەنی ....))(کامەران موکریانی : بەشی یەکەم: ١٩٨٨: ٣٧)**

**کورد بەهۆی شوێنی جوگرافی و هاوسنوری لەگەڵ فارس و عەرەب ئەو پەندانە لەناو ئەوگەلانەی بڵاوبۆتەوە**

### ٢-١:زاراوەی فۆلکلۆر:

**فۆلکلۆر سامانی نەتەوەیی هەموو میللەتێکە پێشکەوتنی هەر میلەتێکیش لەکۆندا بەفۆلکلۆرەکەی دەناسرێت .هەموو ئەو کەل و پەل و شتومەکانەی کە بەجێماون لەباب و باپیرانمانەوە وەک (رایەخ،بەڕە،خەنجەر،داس )چەندەها کەل وپەلی دیکەدا، بەڵام لەفەرهەنگی ئەدەبدا چەمکی فۆلکلۆر بەرهەمی سەرزاری خەڵک دەگەیەنێت کە لەباب و باپیرانەوە پشتاوپشت گواستراوەتەوە وە بەبەرهەمی یەک کەس دانانرێت، کامەران موکریانی لەبارەی زاراوەی فۆلکلۆرەوە دەڵێت ((زاراوەی فۆلکلۆر وشەیەکی لاتینیە ولێکدراوە لەدوو وشەی سادەپێک دێت هەریەکەیان واتای سەربەخۆی هەیە)) (کامەران موکریانی:١٩٨٤: ٢٩)**

### ٢-٢:چەمکی فۆلکلۆر:

**هەرشتێک کەبمانەوێت باسی بکەین لەسەرەتادا دەبێت پێناسەیەکی بۆبکەین بۆیە چەندین توێژەر بەشێوەی تێگەیشتنی خۆیان پێناسەیان بۆکردووە ((فۆلکلۆر ئەو سامانە زۆرو زەوەندەیە کەمێژووی گەلان دەگرێتەوە .سەربردەی کۆن وساڵانێکی پڕ ڕووداومان بۆ باس دەکات))(نەوزاد علی :٢٠١٦: ٥٥)**

**زۆرێک لەئەدیبان و ڕۆشەنبیران فۆلکلۆر بەبەردی بناغەی ئەدەب دادەنێن ((بناغەی ئەدەب لەفۆلکلۆر واتە لەئەدەبی خەڵک دا،فۆلکلۆر کەرستەیەکی خاوەن مەزنایەتیە .سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران ئەگەر لەڕابردوو بگەین بەرهەمی ئەوڕۆمان زۆر ڕەنگین دەبێت ))( عیزەدین مستەفا ڕەسول :ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی: ٢٠١٠: ١٣)**

**کەواتە ئەگەر ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانەمان نەبووایە ئێستا ئەدەبی کوردی واپڕ زانیاری وبەرهەمی جوان نەدەبو**

## ٢-٣:تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر:

**لێرەدا ئێمە گرینگترین تایبەتمەندی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەخەینەڕوو کەئەمانەن:**

**١-ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەبەرهەمی تاکە کەسێک دانانرێت و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بەبەرهەمی خولقێنەری گەل دەناسرێت.**

**٢-شەقلی تایبەتی ئەو گەلەیە ،یان ئەو زمان و دەورەی خۆی پێوەیە.**

**٣-رووخساری ئاشکرای بریتیە لەسادەیی.چ لەڕووی زمان چ لەڕووی دەربڕینەوە**

**٤-فۆلکلۆر کەرستەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆلینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میلەتێک ))(کامەران موکریانی :ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی :بەشی ١ : ١٩٨٤: ٣٦-٣٧)**

**٥-خاوەنەکەی دیار نیە .چونکە مێژووی ئەو بەرهەمانە بۆ سەردەمی پێش نووسین دەگەڕێتەوە .**

**٦-ئەدەبی فۆلکلۆر چەند ژانرێک لەخۆدەگرێت وەک ئەفسانە ،حیکایەت، مەتەڵ ،قسەی نەستەق ،پەندی پێشینان ،گالتەوگەپ ،داستان وگۆرانی))(عزدین مستەفا رەسول :١٩٧٠ :٣٦)**

**٧-دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر دەقی مرۆینە ،چونکە ئەو دەقانەی ئەدەبی فۆلکلۆر لەئەزموون وتێکۆشانی مرۆڤ سەرچاوەیان گرتووە )) ئیدریس عبدالله :ئەدەبی میللی :بەرگی ١ : ٢٠١٤ : ٦٣)**

**لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە فۆلکلۆر سامانێکی نەتەوایەتی ئێمەی کوردە و لەکۆنەوە دەماو دەم گێردراوەتەوە زیاترلەلایەن گەورەکانمان گێردراوناتەوە فۆلکلۆریش تەنها پەندی پێشینان نیە بەڵکو چەندان شتی ترن کەگێڕدراونەتەوە.**

**٢-٤پەندی پێشینان:**

**جۆرێک لەجۆرەکانی پەخشانی کۆن پەندی پێشینانە کەهەرلەکۆنەوە دەماودەم گواستراوەتەوە وبۆمان ماوەتەوە .عبدالرزاق بیمارلەبارەی پەندی پێشینانەوە دەڵێت ((پەند...بەسەرەتاو بناغەی پێگەیشتنی پەخشان دادەنرێت لەبەرئەوە بریتیە لەرِستەیەکی کورت بەچڕی کاکڵی بابەتێک دەگرێتەوە خۆی و ماوەی ئەوەی نییە بیرو ڕای جۆراو جۆرو بۆچوون بەرامبەر ژیانی بخاتەڕوو،بۆیە لەچوارچێوەی تایبەتی گیری خواردووە ))( عبدالرزاق بیمار: ١٩٩٨: ٢٢٤)**

**پەندی پێشینان لەناو دڵ و دەروونی خەلکی خوێندەوار و نەخوێندەوار هەلقوولاوەو کاریگەری هەبوە .لەکاتی قسەکردندا بۆ پتەوکردن و بەڵگە هێنانەوەو پاڵپشتیکردنی قسەکانیان دەڵێن پێشینان وایان وتووە .دکتۆر شوکریە ڕەسول ئەم پێناسەی تایبەت بەمیللەتی کورد کردیەو دەڵێت (( پەند پێشینان سامانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی میللەتی کوردە ،لەم سامانەدا جۆری بیرکردنەوەی گەلی کورد وباری کۆمەلایەتی ژیانی بەئاشکرا دیارە))(شوکریە ڕەسول :ئەدەبی فۆلکلۆر:١٩٨٤: ٥)**

**لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هەریەکە لە نووسەران و رۆشنبیران بەپێی بیرو بۆچوونی خۆیان لەبارەی پەندی پێشینان گوتووە .پێی کاریگەربوونە بەهۆی ئەو کاریگەریانەی کەلەسەریانە پێناسەو دارشتنەوەیان بۆ کردووە .عبدالرزاق بیمار لەرووی ناوەڕۆکی پەندی پێشینان دەڵێت ((پەندی پێشینان لەرووی ناوەڕۆکەوە فیکرییە .بریتیە لە هەڵوێستی راستگۆیانە ،کە باری سەرنجی تایبەتی وەهای پێیە مەرج نیە ئەو سەرنجانە راستەڕێی ئەیدیۆلۆجیانەی تەواو بگرنەبەر،بەلام تۆزێ تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتی مەتریالیان بەسەرەوەیە))( عبدالرزاق بیمار: ١٩٩٦: ٢٢٣-٢٢٤)**

**لێرەدا هەر پسپۆرێک و توێژەرێک بەپێی قۆناغ و سەردەمی خۆی لەبارەی پەندی پێشینان بۆمان دواون و باسیان کردووە وشیان کردیتەوە.**

## ٢-٥ ناوەڕۆکی پەندی پێشینان:

**ناوەڕۆکەکەی بنەمایەکی گرینگی پەندی پێشینانە کە بناغەی پەندەکەی پێکدەهێنن ((ئەم پەندانە چۆنیەتی ژیان ورەوشت وبیرو باوەڕیان ،چ لەبارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چ لەبارەی رەوشتی خێزانی و کەین و بەینی ژیانی کۆمەڵایەتی چ لەبارەی دەوڵەمەندی و هەژاری و پاییەی دونیادا پێشان دەدەن ))(عەلائەدین سجادی : ١٢٦:١٣)**

**باب و باپیرانمان هەندە لەژیان گەیشتوون هەندە لە خوداوە نزیک بوونە کە هەزاران ساڵ بەسەر ئەم قسانەدا تێ دەپەڕێت، هێشتا قسەکانیان رێگای ژینن ،کاتێک دەڵێن ((چاکە بکەو بیکە بەدەم ئاووەوە ))(شاکرفتاح :٢٠١٤ : ٢٦٢)**

**ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی چاوەڕێ پاداشت نەبین لەکەسی بەرامبەردا ((لەهەمووکات و هەڵوێستێکی ژیاندا جێی خۆی کردۆتەوە بەکورتی ناوەڕۆکی پەندی پێشینان لەکۆمەڵایەتی وەرگیراوە))(عبدالباقی اکرام: ٢٠١٢ : ٦)**

**ئەم پەندانە لەسەیرکردنی ژیانی ئەوکات وەرگیراون و نوسراون.**

## ٢-٦جۆرەکانی پەندی پێشینان:

**بەڕای ئێمە زۆربەی شاعیران ونووسەران و ڕۆشنبیران ئەوپەندانەیان بەکارهێناوە کەلەگەڵ باردۆخی گونجاوە ئەو بۆنانەیان دەستنیشان کردووە کە پەندەکانی تێدا گوتراوە، گرینگی ئەو پەندانە لەوەدایە بەشێوەی سادە ورەوان نووسراون لێرەدا گرینگترین جۆرەکانی پەندی پێشینان دیاری دەکەین کە وا شاعیری گەورەپیرەمێرد دابەشی کردوون ئەمانە**

**١- ئابووری: پیرەمێرد هەموو ژمارەیەکی رۆژنامەکەی دەرازاندەوە بە باسێک سەبارەت بەئابووری وڵاتەکەی و باسکردنی باری ژیانی جوتیاران وسودوەرگرتن لەهەموو خێرو بێرێکی ئەم ولاتە ئەمەش نموونەیەکە لەپەندی ئابووری کە ڕەنگدانەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری تێدا بەدی دەکرێت ))(ئومێد ئاشنا :٢٠٠٩ :٦٧)**

**پارە خەرجی کەی دەبڕێتەوە**

**پارە بەخەرج نەکردن کۆدەبێتەوە**

**مەعاشی بەلاش ،بێ پیتە وبێ خێر**

**دەستی ماندوو لەسەرسکی تێرە ))( فائق هۆشیار :٢٠٠٧ :٤)**

**لێرەدا شاعیر باسی هەوڵ و ماندووبوون دەکات ئەو کەسانەی کەماندوو دەبن ئەوا شتێک بەدەست دەهێنن سکی خۆیان پێ .تێردەکەن هەروەها باسی پارەدەکات ئەگەرهاتوو خەرج نەکرێت کۆدەبێتەوەو زۆر دەبێت.**

**٢- کۆمەڵایەتی :لێرەدا شاعیر هەوڵدەدات باری نالەباری و دواکەوتوویی بخاتەڕوو،ناتەواویەکان دەستنیشان بکات ، تەنانەت گەلێک جار چارەسەری زۆر شارەزاییانەی بۆ دۆزیوەتەوە و بەئاشکرا نیشانی کاربەدەستانی دەدا دەیخستەبەردەم هەڵوێستێکی تایبەتیەوە ، ئەمەش نموونەیەکە لەپەندی پیرەمێرد لەڕووی کۆمەلایەتی . ))( ئومێدئاشنا: ٢٠٠٩ : ٦٧)**

کەسێ دلسۆز بێ بۆ هەموو کەسێ

دەرگایش نەبێ لەدزئەترسێ

بەقاسپەقاسپی کەوبایەخ مەکەن

دێتەبۆڕاوی جینسی خۆی دەبەن    ))( فائق هشیار :۲۰۰۷: ٤)

شاعیرباسی دڵسۆزی دەکات ئەوکەسانەی کە دڵسۆزن لەژیاندا هەردەم سەردەکەون وهەردەم یارمەتی دەوروبەری خۆیان .دەدەن.

۳- ئاینی :پیرەمێرد لەژیانی خۆیدا کەسێکی ئاینی بووە زۆربەتەنگ پاراستنی بیروباوەڕی ئاینی خۆی بووە ))

(ئومێدئاشنا :۲۰۰۹: ٦۸)

پیرەمێرد کەسێکی ئاین پەروەربووە و داوێن پاک بووە ، باوەڕی تەواوی بەخودای گەورە و پێغەمبەر و ئاینی ئیسلام هەبوە .دەڵێت:

کەدوژمن کەوت تۆ پێی تیامەنی

زەبوون کوژ مەبە لای خوا لامەنێ

سەرمایەت بۆخۆت زەکات بۆ خوا

مێولەبچوکی بیبڕی چاکتربەر ئەدا

زۆر بەسەر دۆستامەیە خەتەرە

تانەی دۆست لەتیر بەدترە

راستەدوومیوان لێکیان خۆش نابێ

بەلام خانەخۆی لەهەردوولابێ

تۆچاکەبکەو بیدە بەئاوا

خەلکیش نەزانێت لای خوا نوسراوە))(فائق هۆشیار: ۱۹۹۰ :٦-۷)

باسی ئەوەدەکات کەهەردەم خوات لەبیر بێت وزەکات بدەن وخوائەوشتانەی پێداون بەکەوتنی دوژمنەکانمان نابێ دڵخۆش بین دەبێت هەردەم چاکەبکەین و پاداشتەکەشی لای خوا وەردەگرینەوە.

٤- وەسف ودڵداری :لای پیرەمێرد وەسف بەهێزو ڕەونەقداره ،بەڵام دڵداری ساردوکزە ،بۆیە دڵداری لای پیرەمێرد نەبوە بەبابەتێکی سەربەخۆ بەڵکو لەگەل وەسف تێکەلی کردووە ))( مارف خەزنەدار: ۲۰۰٦: ۱۱۳)

دڵدارت نەبێ بەهەشت زیندانە))

هەرچی دڵ ویستی هەرئەو جوانە ))(فائق هۆشیار:۱۹۹٥ :۸)

باسی ئەوەدەکات کەدەبێت هەردەم خۆشەویستی لەدڵماندا هەبێت و داوامان لێ دەکات بەدڵ بڕیاربدەین.

٥- ((زانستی :بریتی بوولە شوێنێک کەکۆمەلێک لەخوێندەوارو ڕۆشنبیران وناودارانی شاری سلێمانی لەکردەوە خزمەتەکانی بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەی شەو ، قوتابخانەی زانستی بۆئەوە پێک هێنراکە ئەو هەژارو کرێکارو دوکاندارو

دەستگێڕانەی کەبەڕۆژ لەبەرنان پەیداکردن نە ئەپرژانە سەرخوێندن کاتیان نەبووە بەرۆژ بچنە قوتابخانە لەپاش ماندیبوونی ڕۆژ کتێب و قەلەم و دەفتەرەکانیان ناوەتە بەدەستیان زۆربەگەرمی چۆنەتەبەرخوێندن لەوێوە فێری خوێندن و خوێندەواری بوونە .پیرەمێرد ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری ئەوقوتابخانەبوە .ئەم هەلبەستەخوارەوە یەکێکە لەو هەلبەستەی خوارەوە یەکێیکەلەوهەلبەستانەی کەلەشەوی (٦)نیسانی ساڵی ١٩٢٦ دا بۆ کۆبوونەوە گوشارکردنی کۆمەڵی زانستی وتووە.))(محمەد ڕەسول هاوار:٢٠٠٧: ٤٣)

((ئەمشەوگوڵی ئومێدی وەتەنمان ئەپشکوێ

میللەت ئومێدەوارە بەزانستی پێشکەوێ

زانستێکە کەئێمەبناسێت بە ئەوروپا

زانستیا زۆربەنرخەئومێدی ئانییە

ئەم ئیحتیفالەخالە روولەهاتییە

تۆفیق حەق بێتە ڕەفیقمان لەم ئیشەدا))( محمد رەسول :٢٠٠٧ : ٤٥)

زانست و زانیاری بۆگشت کەسێک پێویستە لەژیاندا بۆئەوەی وڵات ئاوەدان بێت پێویستمان بەزانستە.

٦- ویژدانی :پیرەمێرد شاعیرێکی عاتفی بووە و دڵی زۆرناسک بووە .بچووکترین کارەسات وبەسەرهاتێک کاری تێکردووە و هەست و هۆشی بزواندووە زوو زوو تورە ئەبوو.بەلاَم دلی زۆر خاوێن بوو کەئاشت ئەبۆوە وسارد ئەبۆوە هەمووشتێک لەبیرئەچۆوە هیچی لەدلاَ نەئەما ))(محمد ڕەسول هاوار:٢٠٠٧ :١٩٧)

وادیارە پیرەمێرد قەت حەزی بە ڕکابەرایەتی نەکردووە هەمیشە داوای لێکردوون کە لەخۆبووردەبن لەپێناو گەلَ .ونیشتیمانەکەی ئەمەش نموونەیەکە لەپەندی ویژدانی.

(( پیاوی حەرام خۆر وەک کەڵەشێرە

لایەک بانگ ئەدا وبەچینەش فێرە

پیاوی تەماعکارهەرئەڵی:بیرە

کەر بەجۆبمرێت ئەوساشەهیدا(محمد رەسول :٢٠٠٧: ٤٨)

باسی پیاوی خوانەناس دەکات کە حەرام دەخوات و بێ ویژدانە بێ ئەوەی لەخودا بترسێت تەماعکارەو بەهیچ تێرنابێت لەژیان

٧-سیاسی: پیرەمێرد لەسەردەمێک ژیاوەکە باری سیاسی وناوچەکەبە گشتی و کوردستان بەتایبەتی بە بارێکی ئالۆزدا تێپەر بووە ،فرتووفێلی سیاسەت زۆربووە بۆیە لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە)) (محمد رەسول هاوار:٢٠٠٧:١٩٧) نموونەیەکی سیاسی

لەدووسیاسەت خۆت مەخەرە بەند))

ڕێوی قەواڵەی پێبوو، پێیان کەند

تخوون بەپیاوی سەرچەوت مەکەوە

بەدەست قەرزبدەوبەپێ دووی کەوە

دووگۆی و زەبونێ دراوەبەتۆ

دوو ببەو یەکێ بڵێ لەسەرخۆ

دووژمن ناوخۆت ڕەگ دەردەکێشێت

دارپوازی لەخۆی نەبێت ناقلیشێ

لەهەمووهەورێک باران  نابارێت

رازکەوتەزارێ ،ڕاست کەوتەشارێ))( فائق هۆشیار ١٩٩٥: ١٩)

٨- نیشتیمانی :پیرەمێرد بەیەکێک لەشاعیرە هەرە نیشتیمان پەروەرەکانی کورد دادەنرێت  شیعرەکانی هەموو -٨))
لەهەستێکی پاک ودەروونێکی خاوێنەوە هەڵقوڵاوە ))(محمەد ڕەسول هاوار :  ٢٠٠٦ :٩٨)
پیرەمێرد هەستێکی تایبەتی هەبووە بەرامبەر بەکورد ونیشتیمانەکەی بۆیە بەم شێوەیە  دەربڕینەکانی جوانن

دڵ ئەڕەنجینێ پیاوی بێ کەماڵ

بەهەڵە وەڕی دز دێتە سەرماڵ

فرژانگ کەستمی وازی لێ هێنام

زووتێ گەیشتم کەچۆنی بەردام

بۆدەربەدەرێ مەکەوە سەما

ئەگەرچاک بوایە لەجێ خۆی دەما

گوڵ لەسەرلقی خۆیاڕەنگینە

بەردیش لەجێگای خۆیا سەنگینە )) (فائق هۆشیار : ١٩٩٥: ١٩)

## ٢-٧:ڕۆلی گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە پێشخستنی پەندی پێشینانندا:

سەرهەڵدانی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بونە زەمینەیەکی زۆرباش بۆهاتنە مەیدانی ئەدەب بەگشتی و بەرهەمە فۆلکۆریەکان بەتایبەتی ستونێکیان تایبەت کردبوو بە بڵاوکردنەوەی پەندی پێشینان ((لەکۆتایی سەدەی بیستەم دا لەرۆژنامەی ئەرمینیا دا گەلێ وتارلەسەرئەنتۆگرافیاو فۆلکلۆری کوردی چاپ کرد)) (د.شوکریەڕەسول و جەلال تەقی :١٩٨٤: ٢٠)

بۆئەوەی بەرهەمەکان لەفەوتان رزگاربکەن بەلگەش گۆڤاری گەلاوێژ بانگەشەی بلاوکردنەوەی بەخەلکی راگەیاند دەیگووت ((هەمووکەس ئەبێ بزانێت کیمیاو جەوهەری زمان پەندی پێشینانیەتی .ئێجگار خزمەت کردن و زیندووکردنەوەی ئەم پەندانە بۆ زمانێک کەکۆلەواربێت .لەهەمووشت پێویستترە .چا بەو بۆنەوە تکا ئەکەین هەرکەسێک پەندێک ئەزانێ بەهەرشێوەیەک کوردی بێت و بەبێ ئەوەی تێکی بدات بینێرێت بۆ گەلاوێژ))( محمد دلێر :١٩٨٩: ١٧٩)

زمانی کوردی خۆی زمانێکی زۆر بەتواناو ژمارەی قسە پێکەرانی کەم بووە بۆئەوەی بەزیندویی بمێنێتەوە، وەخزمەت بەگەنجی ئێستا بکات بۆیە داوادەکەن بۆیان بنێردرێت هەروەها گۆڤاری (هاوار)یش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەناساندنی ئاکاری کوردی بەبێگانە ((گۆڤاری هاوارگرینگیەکی گەورەی بەفۆلکلۆری کوردی داوە،چونکە کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆرلەگەڵ ڕێبازی گۆڤارەکە دەگونجێ .کە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ناساندنی گەلی کورد و بێگانە))

(عبدالصمد:٢٠١٢: ١٤٢)

گەلی کورد وەکو هەموو گەلانی جیهان خاوەن چەندان پەنی فۆلکلۆری کوردیە لەچەندین گۆڤارو رۆژنامەدا بلاوی کردۆتەوە((هەروەها ڕۆلی پیرەمێردی شاعیریش لەبیر نەکەین کەلەڕیزی پێشەوەی سەرنووسەران بووە لەهەردوو رۆژنامەی (ژین وژیان )پەندی دوانەی ئەکرد بە چوارخشتەکی لەلای چەپی بەشی سەرەوەی رۆژنامەکە بڵاو ئەکراوە ))( د شوکریە ،جەلال تەقی :(١٩٨٤: ٣٤)

لەم بەڵگانەو چەندانی دیکەدا دەردەکەوێت ، کەرۆژنامەو گۆڤارەکان ڕۆلێکی کاریگەرو گرینگیان هەبوەو خەمخۆری لە پاراستنی سامانی نەتەوەیدایە .بەهۆی ئەوانەوە پەندی کوردی بەخەڵک ناساندرا

## بەشی سێیەم

**تەوەرەی یەکەم / رۆڵی ماموستایان و سیستەمی خوێندن و پەروەردە لەناساندنی پەندی پێشینان**

**تەوەرەی دووەم /ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لەدەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکاندا**

**٣-١: ڕۆلی مامۆستایان وسیستەمی خوێندن و پەروەردە لەناساندنی پەندی پێشینانی کوردیدا:**

**سیستەمی خوێندن و پەروەردە گەورەترین پشکیان بەردەکەوێت چونکە مامۆستایان پێش فێرکردن ئەرکی پەروەردەکردنیان لەئەستۆدایە .پێویستە مامۆستایانی کوردی زانیاری تەواویان هەبێت دەربارەی پەندی پێشینان لەپلانی خۆیان ئاماژەی پێبکەن بۆنموونە با دارشتن ناونیشانی پەندی پێشینان بێت هەرپۆڵەو بەپێ ئاستی تێگەیشتنو تەمەنەکەیان ناونیشانەکەیان بۆ دابنرێت ،پێویست وەزارەتی پەروەردەش گرینگی تەواو بەپەندی پێشینان بدات لەسیستەمی خوێندن لەناوسیستەمی پەروەردەدا گەلێک پەند خراونە ڕوو هەنێکیان بەمەبەستی پەروەردەی و ئامۆژگارییە و هەندێکی تریان بۆ مەبەستی ڕێزمانی و شیکردنەوە رستە بەکاردێت . لێرەدا ئەم پەندانە دەخەینە ڕوو کەلە ناوسیستەمی خوێندنی بنەرەتی وئامادەیی داهەیە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت .لەپەرتووکی پۆلی دووەمی سەرەتایی داهاتوە دەڵێ ((ڕاستبەو بەرێگای شێرا برۆ)) ( سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد :٢٠٠٧: ٢٥)**

**واتاکەی کەکەسێک ڕاست بێت نابێت لەهیچ بترسێت و راستی هەردەم سەردەکەوێت.**

**لەکتێبی کوردی پۆلی سێیەم بنەرەتی چیرۆکێکی پەند ئامێز هەیە لەلاپەرە ٢١-٢٢خراوەتەروو کەیەکێکە لەچیرۆکە پەندئامێزەکان گرینگیەکی زۆری هەیە کەهانی منداڵ دەدات دوورکەونەوە لەدرۆکردن . هەروەها لەلاپەرە ٢٨نووسراوە ((دوژمنی زانا لەدۆستی نەزان چاکترە .))( سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد:٤٩:٢٠٠٧).**

**واتە هەرچۆنێک بیت زانا ودانا کان پەردە دوژمنایەتیت لەگەڵ ناکەن بەڵام دۆستی نەزان و ساویلکە لەسەرشتی هیچ و پوچ یەخەت دەگرێت .لەلاپەرە ٥١ دا دەڵێت ((قسەهەزاردووانی بەکارە ))سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد ٢٠٠٧ :٢٥**

**بەیەکێک ئەوترێت کەلەبابەتێک شتێکەوە قسەدەکات وبێ کەلکە .هەروەها لەلاپەرە ٤١ دانووسراوە((تۆچاکەبکەو بیدە بەدەم ئاوەوە .باکەس نەزانێ لای خوانووسراوە) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد: ٢٠٠٧-٧).**

**مرۆڤی چاک دەبێت چاکەبکات کەلەبەرئەوەی چاکەشتێکی پیرۆزەو بەهاوگرینگی و خێری لەلای خوادەنووسرێت هەروەها لە لاپەرە ٥٢ نووسراوە((ژیان بەگەورەی و بچووکی نیە .پاداشتی چاکە هەرچاکە ))(سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد:٢٠٠٧:٨٧)**

**هەروەها لەکتێبی پۆلی پێنچەم تاقە پەندێک خراوەتەڕوولەلاپەرە ١٠ (( لەئاوی لێل مەلەمەکە))( خاڵ: ٢٠٠٧: ١٤)**

**بەواتاییەی دێت کەسەرجاوەی شتێکت نەزانی خۆتی لێ نزیک مەکەوە .هەرووەها لەپەندێکی ترلەپەرتووکی قوتابخانە دانووسراوە.(( دەڵێت دووڕێوی شێرێک کەول دەکەنە ))( سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد :٢٠٠٧ : ٧).**

**بەواتای یەکگرتن دێت ئەگەریەک بگرین هەمووکارێک ئاسان دەبێت هەورووەها لەلاپەرە ٤٣(( ئیشی بەوەختی پاشای سەرتەختی ))پێویستە هەمووکارێک بەوخت و لەکاتی خۆی جا جێبەجێبکەین نەکا شتێک بێتە پێشەوە .لەلاپەرە ١١٨نووسراوە(( هەردەوەندە ئەبێت بەدار)) کەواتە هەموو شتێک لەسەرەتادا بەبچووکی دەست پێدەکات و گەورەدەبێت .لەپەرتووکی پۆلی حەوتەمی بنەرەتیش دا لەلاپەرە٤٨ ((دراوی سپی بۆرۆژی رەشە)) مەبەستی ئەوەیە کەدەبێت**

**پاشەکەوتێکمان هەبێت لەژیاندا بۆ رۆژی لێقەومان بەکەلکمان بێت . لەلاپەرە٥١ نووسراوە(( دەستی ماندوولەسەرسکی تێرە)) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد : ٢٠٠٧ : ٤).**

**بەوواتاییە دێت ئەگەرهاتووخۆمان ماندووکرد و شتێکمان بەدەست هێنا بەماندووبونی خۆمان ئەواسکمانیش تێردەبێت هەرلە هەمار لاپەرەدا نووسراوە((درۆزن دوژمنی خوایە ))( خاڵ : ٢٠٠٧ : ٢٠٢)**

**یەکێک لەوسیفەتانەی مرۆڤ کەخودا زۆر رقی لێدەبتەوە درۆکردنە یەکێک لەوسیفەتانەی مرۆڤ کەخودا زۆر رقی لێدەبتەوە درۆکردنە.**

**٣-٢:ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لەدەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکان :**

**پەیامە پیرۆزەکان پڕن لەحیکمەت و ئامۆژگاری .جگەلەوەی کلیلی چارەسەری گشت کێشەکانە .داناکان پێیان وایە ،کەپەندی پێشینان موقەدەسەو لەدوای قورئان و فەرموودەوە دێت ،لێرەدا چەندنموونەیەک دەخەینە ڕوو کە ئاوێتەی هەردوولایەنن،((تەنهای هەربۆ خودا باشە)) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد:١٧٥:٢٠٠٧)**

**ئەم پەندە دەلالەتەلەسەر تاک وتەنهایی خودای گەورە .هەروەها خودای گەورە دەفەرموویت .(القران الکریم سورە :للاخلاص)**

**پیرەمێردی مەزنیش لەهۆنراوەیەکی پەند ئامێزدا دەڵێت ((خۆشەویستی خوا خەم ئەرەوێنێ .کەخوات بوو کارت بەکەس نامێنێ ))(کۆمەلێک نووسەر: سەرچەم پەندەکانی پیرەمێرد :٢٠٠٧: ٢٤٦)**

**لەئاینی ئیسلامدا کارکردن پێگەیەکی پیرۆزی هەیە .تەنانەت لەقورئان و فەرموودەکاندا ئاماژەی پێداراوە هانی مرۆڤ دەدات بۆکارکردن وپەیداکردنی بژێوی و پێداویستی ژیان ،وە پێغەمبەرمان محمد دوورودی خوای لەسەربێت فەرموویەتی ((ماأکل احد طحاما قط خیرامن ان یاکل من عمل یدة))خوای گەورەش لەبارەی کارکردنەوەدەفەرمووێت.(القران الکریم:سورەالملک :ایە ١٤)**

**واتە بەشوێن کارکردندا لەو زەوییەی کە بۆ ئێوەم تەرخان کردووە بگەرێن وەلەو رزقەبخۆن . پێشینانیش دەڵێن ((دەستی ماندوولەسەرسکی تێرە)) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد :٢٠٠٧: ٤)**

**واتە هەمووکەسێک بەهەوڵ وماندوبوونی خۆیەوە دەتوانێت سکی خۆی تێربکات .وەیەکێک لەڕەوشتە ناشرینەکان.کە پەروەرێن نەفرەتی لێکردووە ئەویش درۆ کردنە .پێشینانیش دەڵێن (( درۆزن دووژمنی خوایە))(خاڵ : ٢٠٠٧ :٢٠٢)**

**لەقورئانی پیرۆزیش (٣٧٣)شوێن ناوی درۆ ئەبا یەکێک لەوئایەتانە (فنجعل لعنه الله علی الکاذبین )) چاکەکردنیش یەکێکە لەکارە هەرە باشەکانی مرۆڤ کەبەرامبەر مرۆڤ ئەنجامی بدات خوای گەورە دەفەرموویت ((هل جزاءالاحسان الاالاحسان ))(اقران الکریم :سورەالرحمن الایە ٦٠)**

**پێشینانیش گوتوویان (( چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوا))واتە خۆت چاکە بکەو چاوەرێی پاداشت لەخودا بکە .هەروەها پێشینان گوتویانە ((خزم بەکاری قیامەت نایەت مەعلومە دنیا هەربۆ دونیایە)) (مەهابادە : ١٣٩٨ :٢٢٢)**

**ئەو پەندە پێمان دەڵێت دوارۆژی خۆمان لەبیربێت و رۆژێک دێت لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت تەنها کردەوەمان بەکەلک دێت و لەگەڵ خۆمانی دەبەین .خودای گەورەش باسی دروست کردنی بنیادەمی کردووە کەهەریەکمان بەڕەنگێکی جیاواز دروست بووینە بەڵگەش (القران الکریم :سورە الروم :ایە ٢٢ پیرەمێردی شاعیریش پەندێکی هەیە ودەڵێت**

**((خوائێمەی ڕەنگ ڕەنگ سروشت پێداوە ڕەنگی هیچ کەس بەکەس نەداوە ))کۆمەلێک نووسەر :(سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد :٢٠٠٧ : ٢٠٣).**

**واتە نابێت جیاوازی بکەین لەنێوان ڕەنگی پێستی هیچ مرۆڤێک ، دەبێت رێزلەکەسەکانی بەرامبەرمان بگرین**

**ئەنجام**

**١- لەم توێژینەوەیە فۆلکلۆربەرهەمێکی کۆنی کوردەوهەردەم بەزیندویی ماوەتەوە.**

**٢-. لەبابەتی فۆلکلۆردا بایەخی زۆر بە پەندی پێشینان دراوە.**

**٣-پەروەردەو فێرکردن ئەرکێکی زۆر گەورەیان لەسەر شانە بۆ ئەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەقوتابیان ئاشنا بکەن**

**٤-پەندی پێشینان ئەودەستکەوتە مەزنەیە کە لەباوک و باپیرانمان بۆمان بەجێ ماوە.**

**٥-لەرێگای پەروەردەوفێرکردن دەتوانین ئەوەی بمانەوێت بەکۆمەڵگای ئاشنا بکەین**

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی


١-د.کریم شەریف قەرەچەتانی :سایکۆلۆژیای پەروەردەیی :سلێمانی :٢٠١٣

٢-کریم ئەحمد عزیز :بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە :چاپخانەی نارین:هەولێر٢٠١٤

٣-جگەرسۆز: محمدسالح پێندرۆیی :مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە ؟ چاپخانەی کوردستان :هەولێر:٢٠١٠

٤-دزەیی:درۆژان عبدالقادر:پەروەردەو فێرکردن لە چەند ولاتێکی فیدراڵدا:چاپی یەکەم: چاپخانەی شەهاب:هەولێر:٢٠٠٨

٥-رەسڵ: بێرتراند:دەربارەی پەروەردە : وەرگێرانی جیهان محمد : چاپی دووەم : سلێمانی :٢٠١٩

٦-تەها محمد امین : گرفتە پەروەردەییەکان : چاپی یەکەم :چاپخانەی دەزگای ئاراس :٢٠١٢

٧-حیدر محمد: مامۆستای سەرکەوتوو: لەکەسایەتی وکاری پیشەییدا : چاپی یەکەم:چاپخانەی منارە :هەولێر:٢٠١١

٨-شنۆ یەحیا : لەپەراوێزەکانی پەروەردەو فێرکردنەوە : چاپی یەکەم : چاپخانەی موکریانی : هەولێر٢٠١٣

٩-د ئیدریس عبدالله : ئەدەبی میللی کوردی : بەرگی یەکەم:چاپخانەی حاجی هاشم : هەولێر:٢٠١٤

١٠-کامەران موکریانی : ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی : بەشی یەکەم:چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی زانکۆی سەلاحەدین :هەولێر:١٩٨٤

١١-نەوزاد علی ئەحمەد: منداڵ و ئەدەب: چاپی دووەم : چاپخانەی روون : سلێمانی :٢٠١٦

١٢-د عزدین مستەفا ڕەسول: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی : ٢٠١٠

١٣-عبدالرزاق بیمار: پەخشانی کوردی : دەزگای رۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی : بەغدا:١٩٩٨

١٤-د شوکریە ڕەسەل:ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی: بەشی دووەم :بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین :هەولێر:١٩٨٤

١٥-عەلائەدین سەجادی:مێژووی ئەدەبی کوردی :بلاوکراوەی کوردستان سنە:١٣٨٩:هەتاوی

١٦-د شوکریە رەسول جەلال تەقی :پەندی پێشینان وقسەی نەستەق کوردی :چاپکراوەکانی ئەمینداری گشتی لاوانی ناوچەی کوردستان :هەولێر١٩٨٤

١٧-مارف خەزنەدار : مێژووی ئەدەبی کوردی :بەرگی پێنجەم:دەزگای ئاراس :٢٠٠٦

١٨-د عزدین مستەفا رەسول:ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی :چاپی بەغدا :١٩٧٠

١٩-شێخ محمدخاڵ: پەندی پێشینان:چاپی چوارەم:چاپخانەی شڤان : سلێمانی :٢٠٠٧

٢٠-حافز مهابادی : پەندی پێشینان : ئامادەکردنی کەژاڵ دەباغ : چاپخانەو بلاوکردنەوەی سەقز:١٣٩٤هەتاوی

٢١-حاجی :ستارجبارالدیشویی: عبدالمهیمن عبدالحکیم:سترتتیژیەت وشارەزاین هاوچەرخ لەوانەوتنەوەدا(جارجێوێن تیوری وپراکتیکین کرداری)چاپی یەکەم :چاپخانەی زانکۆیا زاخۆ –کوردستان :٢٠١٩
٢٢-محمد ڕەسول هاوار: دیوانی پیرەمێردی نەمر : چاپخانەی شڤان :ژمارە ٢٥: ٢٠٠٧
٢٣-ئومێد ئاشنا:پیرەمێرد: بەرگی ١-٢:دەزگای ئاراس:٢٠٠٩
٢٤:فائق هشیار :دیوانی پیرەمێرد: بەرگی یەکەم : چاپخانەی الزمان :١٩٩٠
٢٥-فائق هشیار: سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد:(١-٢-٣)٢٠٠٧
نامەکان :
١-عبدالصمد اسلام(دوسکی):ڕەنگدانەوەی ئەدەب لەگۆڤاری هاواردا (١٩٣٢-١٩٤٣)بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردی دا : بەشی زمانی کوردی :کۆلێژی ئاداب : زانکۆی سەلاحەدین :هەولێر:٢٠١٠
٢-محمد دلێر امین : ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردی : بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لەئەدەبی کوردی:کۆلێژی ئەدەبیات : زانکۆی سەلاحەدین :١٩٩٥
٣-ئەحمدمحمد مام عسمان : شیعرە فێرکردن لەئەدەبی کوردی دا : نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم : بەشێکە لەپێداویستەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردی:زانکۆی سەلاحەدین :٢٠٠٧
سەرچاوەی عەرەبی :
١-المحمداوی :جابر عبید : اسس مبادی التربیه : الجامعه البصره : کلیه التربیه :٢٠١٩